# هەفتەنامەی ئاوێنەو دۆزی د.کەمال سەیید قادر!

خەتاب سابیر
17-03-2006

خووشکانی د.کەمال سەیید قادر ( گەلاوێژو ئاواز ) لەرۆژی 10-3-2006 دا راگەیاندنێکیان لەزۆربەی سایتە کوردییەکاندا بڵاوکردەوەو باررزان قەساب تاوانبار دەکەن بەوەی کە سووکایەتیی و بێرێزیی مۆراڵیی بە خووشکی ئەوان ( ئاراس) کردووە، باررزان قەساب لە هەفتەنامەی "ئاوێنە"، ژمارە 10 دا ئەو قسانەی خووشکانی د.کەمال بەدرۆ دەخاتەوەو وێنەیەکی خۆیشی لەگەڵ د.کەمالدا لەلایەن ئاوێنەوە بڵاودەکرێتەوە.

دەکرێ مەبەستی ئەم نووسینە بەشێکی گەیاندنی تووڕەیی رەوەندی کوردیی لەهەندەران و زۆرێک لەئازادییخوازان لەمەڕ ئەو راپۆرتەی ئاوێنە ، بەرای گشتیی و خودی هەفتەنامەی ئاوێنە بێت. پێش هەموو شتێک دەبووایە ئاوێنە بەتەواوەتیی راگەیاندنەکەی خووشکانی د.کەمال سەیید قادری بڵاوبکردایەتەوە، کە بەتایبەتییش بۆیان نێردراوە. نەک تەنها بە نووکە قەڵەمێک ئاماژەی پێبکردایە، خوێنەر ئەگەر راگەیاندنەکەی نەدیبێت چۆن دەتوانێ رووداوەکە هەڵبسەنگێنێت.

بڵاوکردنەوەی ئەو وێنەیە هیچ پێوەندییەکی بە راگەیاندنەکەی خووشکانی د.کەمالەوە نییەو گەمەیەکی موخابەراتیی دەسەڵاتی سیاسییە و بەسەر ئاوێنەدا تێپەڕیوە. وێنەکە تەنها بۆ تێرۆرکردنی کاراکتەر و کەسایەتی د.کەمالە. سەرەڕای هەر گومانێک لەسەر راستیی وێنەکە و شوێنی گرتنی وێنەکە. ئایا ناو زیندانە یان دەرەوەی زیندان، بەڵام ئەجێندای بڵاوکردنەوەی ئەو وێنەیە گەمەیەکی پۆخڵەواتی موخابەراتییە و دژی ئازادیی تاکەکەس و پرەنسیپەکانی مافی مرۆڤ و یاسای نێودەوڵەتییە بەتایبەت لەئاست پاراستنی کەرامەتی کەسێکی فرێنراو.

ئەو وێنەیە بۆخۆی روویەکی قێزەونی ئەو مامەڵە ناشیرینە ژێربەژێرە ئاشکرا دەکات کە دەسەڵات لەگەڵ د.کەمالدا دەیکات، مەبەستیش لەو وێنەیە کە بۆ مەبەستی تێرۆرکردنی د.کەمال گیراوە ، تەنها وەتەنها شکاندنی ئیعتیباری رۆشنبیریی و ئاکادیمستبوونی د.کەمال سەیید قادرە. ترازێدیایە بۆ دەسەڵاتێک لە پەنای بەڵێن و بەڵێنکارییەوە لە چوار پێنج مانگی رابردوودا بە نێوەندە نێودەوڵەتییەکانی مافی مرۆڤ کە د.کەمال ئازاد دەکرێ، کەچیی دادگایی لەدوای دادگایی سیاسییبوونی دادگا و کۆنترۆڵکردنی سیستەمی داد و یاسا لەلایەن دەسەلاتەوە بەدەردەخات. ئاخر چ شانازییەک لەو وێنەیەدا هەیە جگە لەقێزەونی ئەو لۆژیک و کولتوورەی دەسەڵات لەدژی د.کەمال مامەمەڵەی پێدەکات. ئایا لەکوێی ئەم دنیایەدا زیندانییەک هەیە لەلایەن ئەفسەرەکانی پۆلیس و ئاساییشەوە ببرێ بۆ چێشتخانەکانی دەرەوەی زیندان و میوانداریی بکرێ ، ئەگەر هەزارویەک فێڵ و تەڵەکەو ملشکاندنی لەپشتەوە نەبێت.

پتر لە پێنج مانگە دەسەڵاتی سیاسیی، بە چەندین شێوازی جۆراو جۆر ویستوویەتی کەسایەتیی و ئیعتیباری سیاسیی و ئاکادیمیی د.کەمال تێرۆر بکات یان لای کەم د.کەمال بخاتە ژێر پرسیارەوەو خەڵکانی ئازادییخواز ساردبکەنەوە لە کەمپەینی ئازادیی کە بەچەندین شێوەی جۆراو جۆر درێژەی هەیە. ماوەیەک لەرێگەی هەندێ نووسەری سەربەدەسەلاتەوە ئەم کارە پێرۆ دەکرا، بەدڵنیاییەوە شکستێکی خراپیان خوارد، دواتر دەسەڵات لەڕێگەی ئەندام پارلەمان و وەزیری مافی مرۆڤە؟! ویستی ئەم کارە بکات، لەمەشدا سەرکەوتوو نەبوو. ئێستا لەرێگەی شانۆگەریی ئەوەی کە د.کەمال بەس بەناو زیندانییەو ئەگینا هەموو هۆکارێکی خۆشگوزەرانیی لەبەردەستدایەو ئەوەتا میوانی دەسەڵاتەو لە باشترین چێشتخانەکانی شاری هەولێردا میوانداریی دەکرێ؟! ئەمەش بۆخۆی سیناریۆیەکی ترەو بەدڵنیاییەوە بە وریایی خەڵکی ئازادییخواز ئەم هەوڵەش سەرناگرێ.

بۆ هەموو ئازادییخوازێک جێگەی پرسیارە، ئایا ئەو گوشارە سیاسیی و دیپلۆماسییە نێودەوڵەتییەی لەسەر پارتیی دیموکراتی کوردستانە بۆ ئازادکردنی د.کەمال ،هۆی چییە تا ئێستاش پارتیی سوورە لەسەر هێشتنەوەی د.کەمال و درێژەدان بەم جۆرە سیناریۆیانە کە پێشوەخت یەک بەدوای یەکدا شکست دەخۆن؟ بەرای کەمپەینی ئازادیی بۆ د.کەمال، مەسەلەکە ئەوەیە کە دۆزی د.کەمال سەیید قادر بۆ پارتیی، زۆر گرنگەو جێگەی تۆڵەئەستاندنەوەو تەمبێکردن و وانەدانی هەموو ئەوانەیە کە چەمکی پێرۆزیی و هێڵە تابووەکان دەبەزێنن. بەڵام بۆ نووسەرانی سەربەدەسەڵات، سەربەخۆیی یاسا و سیستەمی دادە لەکوردستاندا!

دەسەڵات زۆر مەبەستییەتی کە خووشکانی د.کەمال بەدرۆ بخاتەوە، بەپێی راگەیاندنێکی پێشتری خووشکانی د.کەمال و ئەو چاوپێکەوتنانەی لەگەڵیاندا کراوە تەنها ئەوان دەتوانن قسەکەر بن لەسەر واقیعەتی زیندانیی د.کەمال، هەرچەندە ئەفسەرەکانی ئاسایش بۆخۆیان قوربانیی ئەو لۆژیک و کولتوورو مامەڵەیەن کە دەسەڵات ریتمی لەسەر گرتووە . بەڵام لە مانگی دووەمی ئەم دۆزەوە، هەردوو خووشکی د.کەمال بەفەرمیی، بەنووسین و بەچاوپێکەوتن رایانگەیاند ، هیچ خزم و کەسوکارو لایەنێک، جگە لە ئەوان، بۆیان نییە راگەیاندن لەسەر دۆزی د.کەمال بدەن.

تەنانەت تا د.کەمال لەزیندانندا بێت ، قسەکانی ئەویش بەهەند نابێت وەربگیرێت ، چونکە ئەو دەستبەسەرەو بە ئازادییەکی تەواو ناتوانێت دەربڕی ئازارەکانی ناو زیندانەکەی بێت. ئەمەش لەو سۆنگەیەوە کە هیچ کەسێک لەبنەماڵەی ئەوان لەکوردستان لەسەر ئەم دۆزە بەتەواویی و بەئازادیی ناتوانێ واقیعییەتەکانی ناو زیندانی د.کەمال بگێڕێتەوە. ئەگەر

بیکات ژیانی دەکەوێتە مەترسییەوە ، بۆ ئەوەی ژیانیشی پارێزراو بێت دەبێت راستییەکان ئاوەژوو نیشان بدات.

وێرای ئەوەی کە "ئاوێنە" لە دە ژمارەی خۆیدا بەئەندازەیەکی زۆر لەچاو هەموو رۆژنامەو گۆڤارەکانی تری کوردستاندا زۆرتر لەسەر دۆزی د.کەمال سەیید قادر قسەی کردووەو زۆرترین نووسەرانیش لەسەر ئەم دۆزە لە " ئاوێنە"دا وتاریارن لەسەر د.کەمال و ئەو پێشێلکارییانەی مافی مرۆڤ و دژی ئازادیی کراوە، نووسیوە. بەڵام بەداخەوە "ئاوێنە" نەدەبووایە وێنەیەکی لەم چەشنە بڵاوبکاتەوە لەکاتێکدا ئەوەندەی لەو راپۆرتە کورتەدا داکۆکیی لە دەسەڵات دەکرێ ، بەهیچ شێوەیەک رەخنەی لێناگرێ.

ئاوێنە هەر ئێستا بووەتە باشترین و بەنرخترین و بەبەهاترین هەفتەنامەی کوردستان و ئیعتیبارێکی یەکجار زۆریی هەیە، جگەلەوەی باشترین نووسەرانی کورد تێیدا دەنووسن، هەر ئەوەی سەرنووسەری ئاوێنە لەدوایەمین لاپەڕەی ژمارە 10دا نووسیویەتیی ،ئاوێنەیەکی راستەقینەی ئەو سیستەمە سەرتاپا ساختەیەیە کەقسە لەسەر جیایی سیستەمی یاساو قەڵەمڕەویی دەسەڵات دەکات. لێرەوەیە دەکرێ بڵێین ئەگەر ئەو وێنەیە لەرۆژنامەکانی حیزب و دەسەڵاتدا بلاوبکرایەتەوە، جگە لەگاڵتەجاڕیی و شەرمەزاریی دەسەڵات هیچی تری ناگەیاند ، بەڵام بەداخەوە ئێستا لەرێی ئیعتیباری ئاوێنەوە ، دەسەلات دەیەوێ پەیامی خۆی بگەیەنێت.

دەسەڵاتی پارتیی دەیەوێت بە شێواز و کولتووری بەعسیی نەیارەکانی خۆی تێرۆر بکات و بەمشێوەیەش دەیانەوێ خەڵک ساردبکەنەوەو ناڕەزایەتیی بەرامبەر بێسەروشوێنکردن و فڕاندن و دادگاییکردنی د.کەمال بەیاساکانی بەعس کەم بکەنەوە. هەردوو حیزبی دەسەڵاتداریش ئەم لەکانە بۆیەکتری دەپۆشن، کاتێک یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان تەنها نووزەیەکی لێوە هات لەسەر دۆزی د.کەمال، هەر زووش بێدەنگ کرایەوە.

بەدڵنیاییەوە یەکێتیی ئەمڕۆ پێویستی بەپارتیی دیموکراتە کە بێدەنگیی بکات لەسەر گوللەبارانکردنی خوێندکارانی هەڵەبجە، کەبەگژ لۆردەکانی دەسەڵاتی سیاسیی و گەندەڵییەکانیاندا دەچنەوە. بەڵام هەردوولایان بەبارستایی و قەبارەی هەموو گەندەڵیی و دزینی سامانی خەڵکی کوردستان هەڵەن، ئەگەر پێیان وابێت ئەم پێشێلکارییانەی مافی مرۆڤ و سەرکوتی ئازادییان بۆ بچێتەسەر. ئەم دوو دەسەڵاتە دەتوانن لەسەر گەندەڵیی و پێشێلکردنی مافی مرۆڤ و ئازادییەکان، دەستەوای یەکتریی بدەنەوە. دەتوانن موزایەدە بەسەریەکدییدا بکەن، بەڵام ناتوانن بۆ یەک ساتیش داکۆکییکەر بن لە ئازادییەکان و مافی مرۆڤ بە مێژووی پانزە ساڵی دەسەڵاتیانەوە.